بۆکان لە مێژوودا(١٣)                    ئەنوەر سوڵتانی

## **بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد**

بۆ شوێن هەڵگرتنی مێژووی فیکر و ناسینی خاوەن بیرانی ناوچەی بۆکان، باشترین سەرچاوەیەک کە من چاوم پێی کەوتبێت ئەو پێنج بەرگ کتێبەن وا مامۆستای زەحمەتکێش محەمەد عەلی قەرەداغی بە ناوی"بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە" بڵاوی کردوونەتەوە.
قەرەداغی کە بەرپرسی دەستنووسە کوردییەکانی"دارالمخطوطات"ی بەغدا بە ناوی صدام حسێن بوە، کورتەیەک لە ناوەرۆکی سەدان دەستنووسی کوردی یا خود عەرەبی و فارسی بڵاوکردۆتەوە کە نووسەرەکانیان کورد بوون.
لە هەمان زنجیرە کتێبدا، نووسەر ناوی سەدان مزگەوت و حوجرەی فەقێ واتە قوتابخانە ئایینییەکانی کوردستانی راگەیاندوە کە هەندێکیان ئێستاش هەر ماون بەڵام زۆربەیان بە تایبەت لە باکووری کوردستان فەوتاون.
جگە لەو دەستنووسانەی کە قەرەداغی وتاری تایبەتی لە سەر نووسیون، هەندێ دەستنووسی دیکەش هەن کە بە شێوەی لیستە ناوی بردوون و نووسەرەکانی ناساندوون.
لە هەر سێ بابەتەکەی سەرەوەدا، ناوچەی بۆکانیش شوێنی خۆی هەیە و ئەگەر کەسێک بە لاپەڕەکانی ئەو پێنج بەرگە بەنرخەدا بگەڕێت دەیان جار تووشی ناوی بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری وەک تورجان، حەمامیان، بورهان و... هتد دێت و سەری سووڕ دەمێنێت ئەگەر ئەو مەدرەسە ئایینیانەی ناوچەکە لە پرۆسەی خۆیاندا ببواینەتە قوتابخانە و زانستگەی ئەمڕۆیی وەک لە وڵاتانی ئەورووپادا وەها بوە، چ دەورێکیان لە بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا و پەرەسەندنی زانست لە ناوچەکەدا دەبینی.
من لێرەدا چەند نموونەیەکی کەم لەو بابەتانە دێنمەوە کە پێوەندیان بە شاری بۆکان و دەوروبەریەوە هەیە و سەرنج دانی هەموو لاپەڕەکان بۆ ئەویندارانی مێژووی زانست و بیر لە ناوچەی بۆکان دەهێڵمەوە:
١) بەرگی ٢، لاپەڕە ١٩ "سەعدینی"، رەسووڵی کوڕی محەممەدی ئەرمەن بلاغی لە ساڵی ١٢٨٦ لە مەدرەسەی بۆکان نووسویەتیەوە.
٢) بەرگی ٢، لاپەڕە ٢٠ تەسریفی مەلا عەلی،محەمەدی کوڕی مەلا عەبدولفەتاحی مودەڕریس لە مەدرەسەی بۆکان نووسیویەتەوە.
٣) بەرگی ٢، لاپەڕە ٢٠ شەرحی موغنیی میلانی،یەعقووبی کوڕی ئەحمەد، ساڵی ١١١٤ لە گوندی بورهان لە فەرمانڕەوایی محەمەد عەلی سوڵتاندا نووسیویەتەوە.
٤) بەرگی ٢، لاپەڕە ٣٩ تەجویدی قزڵجی و فەرائیزی قزڵجی.
٥) بەرگی ٢، لاپەڕە ٧٤ پارچە شێعرێکی ئایینی خەلیفە مەلا عەبدوڕەحمانی کەلبی رەزاخانی.
٦) بەرگی ٤، لاپەڕە ٦ کۆچی دوایی مەلا عەلی قزڵجی تورجانی، پێنجی موحەڕەمی ١٢٩٦ کۆچی.
٧) بەرگی ٤، لاپەڕە ١٣ و١٤ چوار کتێب کە لە "گوندی بۆکان" نووسراونەتەوە.
٨) بەرگی ٤، لاپەڕە ٢١ سێ کتێب کە لە حەمامیان نووسراونەتەوە.
٩) بەرگی ٤، لاپەڕە ٣٦ یەک کتێب لە گوندی قارەوای موکریان.
١٠) بەرگی ٥،لاپەڕە ٩ یەک کتێب لە گوندی حەمامیان.
*لە کتێبی قەرەداغیدا ناو و شێعری ئەحمەدی کۆر، نصرالله تورجانی، عومەرخانی موکری، قازی مەحموودی موکری کوڕی محەممەد، ناوی هەندێ گوندی وەک بوغدەکەندی و تورجان هاتوە. بە گشتی کتێبەکە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ مێژووی فەرهەنگیی بۆکان و ناوچەی موکریان و پاشماوەی بەشەکانی کوردستان.*

محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستنووسەکانیانەوە، بەرگی یەکەم، بەغدا ١٩٩٨، بەرگی دووهەم، بەغدا ١٩٩٩، بەرگی سێهەم بەغدا ٢٠٠٠، بەرگی چوارەم، بەغدا ٢٠٠٢، بەرگی پێنجەم، بەغدا ٢٠٠٣.